
# حەسەن زیرەک .. هونەرمەندێکی ئامێرناس .

دکتۆر: مەولود ئیبراهیم حەسەن

هه ولێر - .../٤/٢٠٢٢



پێشەکی :-

تا ئێستا زۆر پێناسەی جوان و پێدا هە ڵگوتنی جوانتر بۆ هونەرمەند (حەسەن زیرەک) کراوەو نووسراوەو گوتراوە ، کە هە موویان باس لە گەورەیی و کەم وێنەیی ئەو هونەرمەندە دەکەن ، هە موو ئەمانەش ڕای کەسانی پسپۆرو شارەزا بووە . من خۆم لە هە مووان شیاوترو گرنگ تر ئەو پێناسەیە بە جوان دەزانم کە دەڵێ : ( حەسەن زیرەک ..هونەرمەندێکی ئەفسانەییە !) ڕەنگە کەسانێکی بەڕێز ..بپرسن حەسەن زیرەک هونەرمەندێکی بەرچاو و- واقیعی - مێژوویە ! بۆچی ئەفسانەیە ؟! لێرە من ئەفسانە بەمانا جوانەکەی وەک – بەرزترین ئاستی داهێنان – وەک مرۆڤێکی تەواو تاقانە بەکاردەبەم ، تۆ سەیرکە کە کارێکی هونەری ئەدەبی یان هە ر داهێنانێکی تر کە زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش بێ، وەختێ بمانەوێ سەرسامی خۆمان لە ئاستیا دەربڕین ! یەکسەر دەڵێین : ئەفسانەیە! ئەفسانە بەو مانایەی کە زیاتر لە شیکردنەوەیەک و مانا لێکدانەوەو بۆ چوونێک هە ڵدەگرێ و کەمترین کەس دەتوانن داهێنانی ئاوا بکەن ! بەڵێ ، زیرەک خۆی وژیان و هونەرەکەی ،ئەفسانەیەکی سەردەم و زەمینەو مەیدان و کەرەستەی دەیان و سەتان لێکۆڵینەوەن ؛ ئەگەر لێکۆڵەران شارەزای ژیان و هونەری ئەم – ئەفسانەیە – بن و بە وردو باریکی ژیان و هونەرەکەی دا بچنە خوارەوە . مامۆستا ( حسێن سۆران ) لە بارەی ئەفسانە بوونی زیرەکەوە دەنوسێ :(لە جیهانی هونەری کوردیشدا ،زیرەک وەک ئەنیشتاین هە سارەیەکی پڕشەنگداری دەنگ و مۆزیک و گۆرانی کوردیە ، بۆ خۆی جیهانێکی ئەفسانەیی و جیاکارو تاکگەرای بێ وێنەو هە مە چەشنی بە جیهانی ئێمە بەخشی ، کە کێشی دەنگ و ئاوازو و ئەنتۆلۆجیای مۆزیکی گەیاندە ئاستێک لە سەر تراژیدیای دنیای خۆی ، باڵای بەقەد شوێنەوارە گەورەکانی مێژووی دێرینی یەک نەتەوەی زیندووە.)(*١) .

بەڵی ..ئەو ئەفسانەیە زیندووە ، ئەو کەسایەتیە هونەرمەندە – نەخوێندەوار – ە !! تا ئێستا هێندەی من ئاگادار بم ، نزیکەی..زیاتر لە (٤٠) کتێب لە بارەی خۆی و هونەرەکەیەوە بڵاوکراوەتەوە ، زۆر بەی هە رە زۆری نووسەری کتێبە کان ، کەسانی پسپۆرو نووسەرو پسپۆر و شارەزاو هونەرمەندو نووسەری بەتواناو ناودارن ، ئەوە جگە لە سەتان و سەتان نووسین و وتارو لێکۆڵینەوەو کۆڕو سمینارو بەرنامەی ڕادیۆیی و تەڵەفزیۆنی و ڕۆژنامەیی و بەگشتی میدیایی لە بارەوە نووسراوەو تۆمارکراوە و لە میدیای کۆمەڵایەتیش بەرچاوترین هونەرمەندی ناوچەکەو ڕۆژ هە ڵات دەژمێردرێ ! بەڵام ، لە گەڵ خۆشەویستیم بۆ تەواوی ئەو بەڕێزانەی کە بە وشەیەک لە زیرەک دواون .. لە پێش هە موویان بە کارەکانی خۆشمەوە !! هێشتا هە موو ئەم کارانە هە ر سەرەتایەو مەیدانە کە چاوەڕێی سەتان پسپۆرو لێکۆڵەری ترەو دەیان ساڵ و دەیانی تر دەکات کە بتوانن کۆدی ژیان و هونەری ئەم - ئەفسانە – یە بدۆزنەوەو وەک پێویست دەکات شیبکەنەوەو لێکبدەنەوە ! زیرەک ئەو

هونەرمەندە یە، هە تا زۆرتر لە بارەی ژیانی بزانی ، پتر هونەرەکەت خۆش دەویٚ ، هە تا پتریش لە بارەی هونەرەکەی بزانی ، کەسایەتیەکەیت لا خۆشەویستر دەبێت ، بەڕاستی ئەفسانەیە !!

## زیرەک و ناسینی ئامێرە مۆسیقییەکان :-

ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمە ، ئەمجارە لە ڕاستی دا دەبوایە پسپۆرێکی خاوەن تاقیکردنەوەو زانیاریەکی زۆری مۆسیقاو ئامێرناسیی بیکردایە ! ناسینی ئامیرە مۆسیقیکان ، لە ئامێرە کوردیەکانەوە بیگرە تا دەگاتە ئامێرە جیهانیەکان و لە ئامێرە مێژوویەکانەوە ڕا تا بە ئەمڕۆ ، چۆن ئەوەی کە (هونەرمەند حەسەن زیرەک) کردوویەتی کارێکی زۆر پسپۆریەو زانست و وردەکاری و شارەزاییەکی بیٚ سنووری دەویٚ ! من لێرەوە بە ناچاری و – نووسەرانە – ئەم کارە - بە ناتەواوی - دەکەم ، نەک پسپۆرانە ، تەواوی کارەکە بۆ داهاتوو و پسپۆرانی شارەزا لە – هونەرو مۆسیقا – بە جیٚ دەهێڵم ! بە جێدەهێڵم بۆ ئەو ڕۆژەی بە نامەی ماستەرو تێزی دکتۆرا ، کار لەسەر بەش بەشی .. ژیان و هونەرەکەی دەکریٚ و پتر بەرە بەرە گەوهەری مرۆڤ بوون و نهێنی ژیانی خۆی ونهێنی هونەرەکەی و هونەرمەندیەکەی دەردەکەویٚ !!

## لە بارەی هونەرمەند (حەسەن زیرەک ) گوتوویانە :

زۆرن ئەوانەی کە لە بارەی زیرەک قسەیان کردووەو سەرسامی خۆیان بۆ تواناو دەنگی زیرەک دەربڕیوە ، هە مووان زیرەک بە مامۆستاو (عەبقەر) و ( نابیغە) و ( ئەعجوبە) و ( ئەفسانە) ناودەبەن و لە گوتن و پێیدا هە ڵگوتنیشی پشتڕاست و دڵنیان ، لە پێش هە مووان هونەرمەندی ناوداری کورد هاوریٚ و شاگردی زیرک ( مامۆستا موجتەبای میرزادە) کە لە ڕووی مۆسیقیەوە خوڵقێنەری گۆرانییەکانی (هونەرمەند حەسەن زیرەک ) ی قۆناغی کرماشانە .. دەفەرموویٚ :( زیرەک بەڕاددەیەک لە بەهرەکەی خۆی دا قاڵ و شارەزاو لێهاتوو بوو،کە ئیتر جێی قسە لێکردن نیە !)(*٢) هە روەها هونەرمەند ( ئامانج غازی ) دەنووسیٚ :( گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک ، دەروازەیەکن بۆ ناسینەوەی مۆرکی نەتەویی مۆزیکی کوردی )(*٢) مامۆستای گەورەی مەقاماتی کوردی ( هونەرمەند عەلی مەردان ) نووسیویەتی:(دەنگی حەسەن زیرەک دەنگی زوڵاڵی کوردە و دروشمی کوردایەتیە .(*٢) خاتوو میدیای خێزانی مامۆستا حەسەن زیرەک باس لە ڕۆژێک دەکات کە خۆی بە خۆشترین ڕۆژی ژیانی خۆی دادەنیٚ لە گەڵ زیرەک دا و لە وەڵامی پرسیارێکی

میدیاکارێکی ڕادیۆی تاران دا کە لێی دەپرسێ :  خۆشترین بیرەوەرییەک کە لە مامۆستا حەسەن زیرەک هەتانە چییە؟ دەڵێ :

(لە سەردەمی ڕژیمی پەهلەوی بەرنامەیەک لە مەنزەرییە ساز کرا کە 72 پێ پلیکانی هەبوو، لە سەر هەر پێ پلیکانی هەر گەل و نەتەوەیەک بە جل و بەرگی تایبەتی خۆی لەوێ ڕاوەستا بوو، کاتێک حەسەن هات دەست بە گۆرانی بکات، من لە پشت میکرۆفۆن داوام لە حەسەن کرد کە دەست پێبکات، کە دەستی پێکرد، بۆ ڕەشت بە ڕەشتی، بۆ تورک بە تورکی، بۆ عەرەب بە عەرەبی، بۆ فارس بە فارسی گۆرانی دەخوێند و تەواوەتی مەنزەرییە وە شۆق و زۆق کەوتبوون و ئەوە خۆشترین بیرەوەری منە کە قەتم لە بیر ناچێ.
) ڕاستییەکەی ئەوەیە وزیرەک هونەرمەندێکی ئەفسانەییە !! ..زیرەک هونەرمەندو گۆرانیبێژی هیچ قوتابخانەو مامۆستایەک و ڕێبازێک نەبوو ، زیرەک خۆی زیرەک بوو .ئەم توانایەو لە هە مان کات بەوهە ندەزمانە گۆرانی بڵێ و هە مووان دڵخۆش بکات و میدیاخامنمیش لە هە مووان دڵخۆشتر ..( *٢-١ ).

وێنەی هوشەنگ جاوی( وێنەی ژمارە ١)



هونەرمەندی لێکۆڵەری مۆسیقا هۆشەنگ جاوید

لێکۆڵەری مۆسیقای کوردو ئێران . هونەرمەندی ناودار (هۆشەنگ جاوید ) لە بارەی ( هونەرمەند حەسەن زیرەک) ەوە دەنووسێ :( ...هە روەها مامۆستا حەسەن زیرەک کە هە ر بەڕاستی دەتوانین ئەو وەک شوالیەی مۆسیقای کوردی ناوببەین ، چۆن لە نێوان تەواوی کوردەکان ناسراوەو تەواو بێ هاوچەشنە ، لە هە ر سەت ساڵ دەکرێ یەکێک بە ناونیشانی

نابیغە لە مەیدانێک دا دەربکەوێ ، کە ئەو نابیغەیە حەسەن زیرەکە . )(*٣) بەڵێ ..ئەم نابیغەیەو ئەفسانەیە حەسەن زیرەکە ، حەسەن زیرەکی نە خوێندەوار...

## شیعری هونەر و مۆسیقا..!

زیرەک لە کتیبی (چریکەی کوردستان - ١٩٦٦)(*٤) دا جگە لە نووسینەوەی ژیانی خۆی لە سەرەتاوە تا ساڵی( ١٩٥٨ ) و گەرانەوەی بۆ ئێران کە بە شێعر نووسیویەتی ، کە توحفەیەکە هە ر لە زیرەک خۆی دەوە شێتەوە ، لە وێدا زیرەک هونەری شاعیریەتی خۆی لە ئاستێکی بەرز خستووەتە بەرچاو و دەیان کۆدو نهێنی ژیانی خۆی و هونەرەکەی خستوەتە بەردەست لێکۆڵەران وزۆر ڕاستگۆیانەو ئازایانە و دانپێدانانە ژیان و کارو کەم و کورتیەکانی لە ژیر پەردە دەرهێناوەو ئێسک و پێستی خۆی تا سەرهێسک و موخی هێسک ڕووتکردووتەوە ،

هە ر لەو کتێبەدا زیرەک لە ژێر ناوی ( هونەر و مۆسیقا ) بە شیعرێکی درێژو دووانەیی باسی لە (٤٤) ئامێری مۆسیقی کوردی و جیهانی کردووە ، کە بۆ من ئەمجارەش و لە م کارەشی دا زیرەک جێگای سەرسامیی و بە ئەفسانەیی بوونە ، کەسێک نە خوێندەوار !! کە بێ سەرپەرشت و سەرپەرشت خراپ ، جگە لە هە ڵاتن بەردەوام و کاری زۆرو زەحمەت و بەندیخانەی ئەم دیوو ئەو دیو ، هیچ ( خوڵ )و( قوتابخانە ) و ( مامۆستا ) یەکی نە بووەو نەدیوە ! چۆن توانیویەتی و زانیویەتی (٤٤) ئامێری مۆسیقی بناسێ و باسی تایبەتمەندییەکانی دەنگ و شێوەیان بکات و بە دروستی ناویان بنووسێ !!؟ ئەگەر ئەمڕۆ - بە داوای لێبوردنەوە - !! بێت و بە خۆشەویستیەوە ، بۆ تاقیکردنەوەیەکی سەر پێیی ، کاغەز بخەینە بەردەم هونەرمەندە گۆرانیبێژەکان و مۆسیقیەکانمان و داوایان لێ بکەین ، زەحمەت نەبێ ، ناوی (٤٤) ئامێری مۆسیقیمان بۆ بنووسن !! دڵنیام ..لە وەڵامدانەوەکانیان ئاستی دەرچوون زۆر لە خوار نمرەی پیویست دەبێت !؟ من خۆم ئەمە لە برا هونەرمەندە گۆرانیبیژو مۆ سیقیەکان ..بە عەیب نازانم ! بەڵام ، بۆ ( هونەرمەند حەسەن زیرەک) کە زانیویەتی و نووسیویەتی ، بەم هە موو نە خوێندەواریەی خۆی و (٦٠) ساڵ پێش ئەمرۆ بە کاریکی مەزن و توانایەکی ئەفسانەیی دەبینم ! ئەم هە ست و زانستە ( ئامیرناسییەی زیرەک ) جارێکی ترو لە گۆشەیەکی تر هونەرمەندیی زیرەک و زیرەکیی زیرەک دەباتە ئاستێکی بەرزو ئەفسانەیی !! ئەم زانیاریە گرنگ و زۆرو زانستیەی زیرەک سەبارەت بە (

ئامێرناسیی) هه ر تەنیا لە نێو شیعرەکەدا نەماوەتەوەو بە هۆشیاریەوە چووەتە نێو ژیان و هونەرەکەشی !!

## ناو هێنانی ئامێره مۆسیقییەکان لە گۆرانییەکانی دا :-

زیرەک چۆن بە بەردەوامی لە نێو شیعرو ئاواز دانان وگۆرانی گوتن دا ژیاوه ، ئاواش بەردەوام لە نێو ئامیره مۆسیقیەکان دا ژیاوه ، ژیاوەو چاوی پڕ بووه لە دیتنی دیمەنی ئامێرەکان و گوێی پڕ بووه لە بیستنی ئاوازه جۆراو جۆرەکانیان ؛ هه ر چەنده گومان دەکەم ؛ بە ئێستاشەوه بەشێک لەو ئامێرانه ، نەک ئەوکات ..ئێستاش لە نیوەنده هونەری و مۆسیقیەکانی کوردستان و ئێران و عێراق بەردەست بن و بەرچاوبکەون!! ، ئەمانه هه مووی وای کردووه کە ئامیرەکانیش بەشیک بن لە ژیانی زیرەک و بەردەوام لە نێویان دا بژی ! بژی و شارەزایان بێت و بیانناسێ و بە کاریان بێنی و لەززەت لە ئاوازەکانیان ببێنی و تێکەڵ دەنگ و ئاوازی خۆییان بکات و دڵی پێان خۆش بێ و هونەرەکەی خۆی و گۆرانیەکانی بەشێعرو ئاوازو گوتنەوه پێ جوانترو جوانتر بکات و ئەویش بە دەنگە تایبەتەکەی خۆی جوانی و گرنگیەکی زۆر تری هونەری بدات بە ئەو ئامێرانه و وەک دەنگ و گۆرانیەکانی خۆی بەرزیان بکاتەوەو جۆرێک لە نه مرییان پێ ببەخشێ . هه ر بۆیه .. جگە لەوەی کە لە شێعری (هونەر و مۆسیقا ) دا بەتایبەت باسی (٤٤) ئامێری مۆسیقی کردووەو تایبەتمەندییەکانیانی نووسیون ، لە نێو گۆرانیەکانیشیدا ناوی زۆر لەو ئامیرانەی هێناوه وزیندووی ڕاگرتوون .

## ناوهێنانی ئامێره مۆسییقیەکان بەم شێوەیه :-

یەکەم: لە نێو گۆرانیەکانی خۆی دا ، واتە ئەو گۆرانییانەی کە شیعرەکانیان هی خۆیەتی ، ناوی زۆر ئامیری مۆسیقی هێناوه .

دووەم: لە نێو ئەو شیعرانەی کە شیعری شاعیرانی کوردن و زیرەک کردوونی بە گۆرانی ، ناوی زۆر لە ئامێره مۆسیقیەکان هاتووه .

سێیەم: هه روەها لە نێو ئەو شیعرانەش کە شیعری فارسین و زیرەک کردوونی بە گۆرانی ، لە وانیش دا ناوی ئامێره مۆسیقیەکان دەبیسترێن.

چوارەم: ئەو شیعره ترکی و ئازەرییانەش کە زیرەک بە گۆرانی گوتوونی ، لە وانیش دا ناوی هه ندێ لە ئامێره مۆسیقیەکان هاتووه .

پێنجەم: لە نێو شیعرە فۆلکلۆریە کوردیەکانیش دا کە زیرەک بە گۆرانی گوتوونیەتی ، لەوانیش دا ناوی هە ندێ ئامێر بەرگوێ دەکەوێ .

تێبینی: لەبەر ئەوەی ژمارەی گۆرانیەکانی زیرەک زۆرن و بە ڕای ( نێوەندێکی کلتوری لە بۆکان) دوو ساڵ لەوە پێش ڕایانگەیاند:( ژمارەی گۆرانیەکانی زیرەک (٣٦٢٣) گۆرانییە! )(*٥) کە ئەم ژمارەیەش هێشتا بە تەواوی پشتڕاست نەکراوەتەوە !! هە ر بۆیە و بە هۆی ئەو ژمارە زۆرە تا ئێستا هیچ کەس لە ئێمە ناتوانێ ، بڵێ: من تەواوی گۆرانیەکانی زیرەکم لایە ، ئەوەش کە هە یە هە مووی چاپ نەکراوەو نەنووسراوەتەوە ، ئێمەش هە رگیز تەواوی گۆرانیەکانی زیرەکمان لەبەردەست نیەو هە موومان نەمانبیستوون ! هە ر بۆیە ناتوانین سەرژمێری تەواوی ئەو ئامیرانە بکەین کە زیرەک لە نێو تەواوی گۆرانییەکانی دا ناوی هێناون !

هە ر بۆیە وەک نموونە.. ناوی هە ندێک لەو ئامێرانە دەهێنین کە بیستوومانەو خوێندوومانەتەوە : وەک- دەف ، نەی ، شمشاڵ ، ساز، سەمتوور.تار ، دووتار، سێ تار ، کەمان ، کەمانجە ، تەمبوور، تەپڵ ، زوڕنا، دەهۆڵ ، دەمبک، تاس ، نەوا، دوزەلە، زۆری تر.

## زیرەک و ڕیزگرتن لە هونەرمەند مۆسیقارەکان:-

زیرک چەند هونەرو ئامێرە مۆسیقیەکانی خۆشویستووە ، دوو هێندەش ڕێزی لە هونەرمەند مۆسیقیەکان گرتووە ، ئەوانەی کە لە نزیکەوە زیرەکیان دیوەو ناسیوە ، باس لەوە دەکەن کە زیرەک پیاوێکی زۆر بەڕێزو قسە خۆش و یەکماڵ بووە، ئەگەر لە گەڵ خەڵک بە گشتی ئاوا بووبێ ! دەبێ لە گەڵ هونەرمەندو مۆسیقیەکان چۆن بووبێت !؟ هە ر گیز دڵی کەسی نەشکاندووە ، ڕابیعەخانم دەڵی : ( زیرەک کە دەچووە ئاهە نگێک و پارەیەکیان بۆ دادەنان ، زیرەک هە ر بە لەپ پارەکەی بەسەر مۆسیقیەکان دابەش دەکردوو هیچی بۆ خۆی هە ڵنەدەگرتەوە ! پێم دەگوت: زیرک ئاوا نابیت ئێمەش پێویسیمان بە پارە هە یە ، دەڵی زیرەک دەیگوت : ڕابە ..ئێمە دوو کەسین خودا نانێکمان هە ر دەداتێ ، ئەوان ساحێب منداڵن ولە ئێمە زیاتر پێویستیان پێیەتی )(*٦) بەم جۆرە ڕیزی لە موسیقیەکان دەگرت وهە مووی دەدا بە ئەوان و هیچی بۆ خۆی هە ڵنە دەگرت .

هە ر بەو ڕێزلێگرتنەوە لە مۆسیقیەکان ، بە جەشنێکی تر ڕیزی لە تیپ و هونەرمەندە مۆسیقیەکانی (ڕادیۆی کرماشان و ئازەربایجان و تەهران و تەورێز و مەهاباد ) گرتووەو

وێنەو ناوی لە کتێبی (چریکەی کوردستان ) دا بڵاو کردوونەتەوە . سەیرکەن لە ژێر وێنەی تیپەکەیان زیرەک خۆی چۆنی باسکردوون وناوی نووسیون : ( تیپی مۆسیقای ئازەربایجان ، لە ڕادیۆی تاران دا ، بە سەرۆکایەتی هونەرمەند (جاوید ) ، هونەرمەندی بە نرخ ؛ کاک ( ئابازەر ) کە دایەرەی لێ ئەدا ، لە پرکردنەوەی شریتی بەستەو گۆرانی، هاوەلانی بەڕیز ( محەمەدی ماملی ) گۆرانی وێژی مەهاباد عەبدوڵلازادە ، بە ستە وێژی شادی و زەماوەند هاشمی فیدایی، مەقام وێژی سابلاخ لە گەڵ منا هاوکاریان کردووە - حەسەن زیرەک -



)(٤*)

تیپی مۆسیقای ئازەربایجان لە تاران

دیسان لە باسی تیپ و هونەرمەندانی مۆسیقای ڕادیۆی کرماشان زیرەک لە ژێر وێنەکەیان ناوی خۆیان و ئەو ئامێرە مۆسیقیە دەهێنێ کە دەیژەنن ، دەنووسێ :( تیپی مۆسیقای ڕادیو کرماشان، بە سەرۆکایەتی ، ( عەبدولسەمەدی ) کە بە قەرنەو لاوی هونەرمەند ( میرزادە ) بە وییەلۆن و( ئیزە دی ) بە سەنتورو ( پولەکی ) بە زەرب هاوکاریم لە گەڵ دەکەن ، لە کاتی شریت پڕکردنەوە ! – حەسەن زیرەک-)




وێنەی تیپی مۆسیقای ڕادیۆی کرماشان

## زیرەک چ ئامێرێکی مۆسیقی ژەنیوە ؟!

زیرەک کە لە نێو ئامێرە مۆسیقییەکان دا ژیاوەو لە تۆمارکردنی گۆرانییەکانی دا بەکاری هێناون و ناسیونیەتی و لە نێو گۆرانییەکانی دا ناوی بردوون ، عەقڵ بۆ ئەوە دەچی کە زیرەک بەو شارەزاییە زۆرەو بەو هە موو خۆشەویستیەوە کە هە یەتی لە بارەی ئامێرە مۆسیقیەکانەوە ، دەبێ بزانێ چەندین ئامێر بژەنێ !؟

با بزانین ژیانی بەرچاو – واقیع- ی زیرەک چیمان پێ دەڵێ ؟!
ئایا هونەرمەند حەسەن زیرەک دەیزانی هیچ ئامێرێکی مۆسیقی بژەنێ؟

زیرەک وەک هونەرمەندێک ، لە نێوەندە میدیاییەکانی ئێران و عێراق دا ژیاوەو دۆست و برادەرەکان و هاوپێشەکانی نووسەرو هونەرمەند و مۆسیقژەن بوون و بەردەوام لە نێو وێستگەی ڕادیۆو تەلەفزیون دا لە هاتوو چۆ دابووە ، ئەوەش بەو

مانایه وه دێت ،  ئەگەر گۆرانیەکانی بۆ تەلەفزیۆن تۆمار نەکردبێ ئەوا بۆ ڕادیویی تۆمارکردوون و کامیرای وێنەی فۆتۆگرافیی و کامیرای تەلە فزیۆنی تێدابووە ، لە ( ڕەش و سپیی )ەوە تا دەگاتە ( ڕەنگاوڕەنگ )، ئەمە بۆ ئەوەمان دەبات دەبێ زیرەکی هونەرمەند بە هە ردوو جۆری وێنەو ڤیدیۆی زۆرهە بێتن و لەو وێنانەدا بە ئامێرەوە دەرکەوێ !!، بەڵام ، بەداخەوە هونەرمەند حەسەن زیرەک لەم ڕووە وە وێنەی سەردەمی عێراقی زۆر کەمە !! ئەگەرچی وێنەو ڤیدیۆی سەردەمی تاران و کرماشان و بەگشتی ئێرانی زۆرترە، بەڵام، ئەویش هێشتا زۆر نیەو زۆر ڤیدیۆی تۆمارکراوی گۆرانی و ئاهە نگەکانی ناویان هە یەو ڕەنگیان نیە !؟ ئەم وێنەو ڤیدیۆیانەی تۆمار کراوی کاتی گۆرانی و ئاهە نگەکان ، بەڵگەیەکی باشن بۆ ئەوەی بە دوای ئەوەدا بچین کە ، ئایا زیرەک لەکاتی گۆرانی گوتن دا چ ئامێرێکی  مۆسیقی بەدەستەوە بووە ؟! ئەوەی تا ئێستا ، لای کەم من دیومن و لە بەردەست بن ، زیرەک لە زۆر ئاهە نگ ، کە وێنەی گیراوە لە کاتی گۆرانی گوتن دا . تەنیا ( دەف – دائیرە) ی بەدەستەوەیە ! تا ئێستا من خۆم نەمدیوەو نەمبیستووە وێنەی زیرەک لەگەڵ هیچ ئامێرێکی تری مۆسیقی گیرابێت !



وێنەی زیرەک لەکاتی گۆرانی گوتن و دەفژەنین دا

## ئەوانەی لە گەڵ زیرک ژیاون چی دەڵێن ؟

ئەو بەڕێزانەش کە لە نزیکەوە لەگەڵ زیرەک ژیاون و باسی زیرەکیان کردووە ، کە زیرەک چ ئامێرێکی ژەنیوە ، بەڕێزان (خاتوو میدیای زەندی ) خێزانی و ( ڕابیعە خانم ) ی دوا خێزانیەتی لە گەڵ ( میرزا کەریم خۆشناو) ی هاوڕێی و هاوماڵیی **!!.**

میدیای زەندی لە پێشەکی چاپی دووەمی کتێبی ( چریکەی کوردستان) لە بارەی زیرەک و ئامێر ژەنیەوە دەنووسێ : (حەسەن بەڕاستی هونەرمەندێکی بێ وێنە یە، گەوهە رێکی یەک دانەیە و بۆ خۆی کۆڕی مۆسیقایە ، سەیری کتێبی چریکەی کوردستان بکەن ، بزانن پیاوێکی بێ سەواد ، کە جگە لە دەف لێدان ، لە گەل هیچ کەرەستەیەکی مۆسیقادا ناسیاوی نیە ! چەند جوان بە کەل و پەلی مۆسیقا دا هە ڵ دەڵێ ، )(*٤) لێرە میدیا خانم مەبەستی ئەو شێعرە درێژەی زیرکە کە لە ژێر ناوی : ( هونەرو مۆسیقا ) دا لە کتێبی (چریکەی کوردستان) ناوی (٤٤) ئامیری مۆسیقای هێناوە باسی ئاوازەکانی کردوون ، لێرە دا میدیا کێشەکەی براندووتەوەو بێ ئەوەی کەس پرسیاری لێکردبێ ، باسی ئەوەدەکات کە زیرەک جگە لە ژەنینی ( دەف )، ئاشنای ژەنینی بەدەستی خۆی لە گەڵ هیچ ئامێرێکی تری مۆسیقی دا نەبووە !

دیسان ( ڕابیعە خانم) یش لە چاوپێکەوتنەکانی دا هە ر باسی ئەوەدەکات کە( زیرەک تەنیا دەفی بەکار دەهێناو دەفەکەشی ئێستاش ماوە !)(*٦) هە موو ئەوانەش کە بۆ دیتنی زیرەک چوونەتە ( کانی مەلا ئەحمەد ) و داوای گۆرانیان لە زیرەک کردووە ، زیرەک کە ویستوویەتی گۆرانی بڵێ: سەرەتا داوای کردووە دەفەکەی بۆ بهێنن وئەوسا چریکاندوویەتی !

میرزا کەریم خۆشناو برادەرێکی دڵسۆزی زیرەک بووەو چوار ساڵ پێکەوە ژیاون و ماوەیەکیش هە ردوکیان لە یەک حەوش دا ژیاون و دوو بەرگ لە بەسەرهاتو یادەوەری خۆی لە گەڵ زیرک دا نووسیوە بەناوی ( حەسەن زیرەک ، هە ندێک لە بەسەرهاتەکانی ) لەو دوو بەرگە دا زۆر جار باسی زیرەک دەکات لە کاتی گۆرانی گوتن دا ، هیج جارێک باسی ئەوەی نەکردووە کە زیرەک ئامێرێکی تری مۆسیقی لە کاتی گۆرانی دا جگە لە ( دەف ) بە کار هێنابێ ! هە موو جارێک لە سەرتا دەڵی: زیرەک دەستی دایە دەفەکەی و لە کۆتایی دا دەڵی دەفەکەی دانا !

جارێک لە جاران جوامێرێکی بەڕێز و ئاشق بە دەنگی زیرەک لە دووەرە دەچیتە ( کانی مەلا ئەحمەد ) و دەیهەوێ لە نزیکەوە زیرەک لەکاتی گۆرانی گوتن دا ببێنێ ، لە زیرک دەپرسێ : ئەرێ تۆ جەنابی حەسەن زیرەکی؟

- بەڵی کاکە من من حەسەن زیرەکم! زیرەک دەڵی :

- تو خوا یەک گۆرانیم بۆ ناڵێی؟ چونکە گەڵی لە دڵما بوو ، کە لە نزیکەوە چاوم پیت بکەوێ وگوێم لە گۆرانییەکت بێت.. شوکر بۆ خوا ئاواتم هاتەدی !

بەر لەوەی کابرا قسەکەی تەواو بکات زیرەک دەستی دایە دەفەکەی وزۆر بە ئارامی دەستی کرد بە گۆرانی:

( ئای لە مینا لێ بە قوربان شەڕ دەکا چاوی ، تاکەی دایبێنم بە پەنجەم ئەگریجەی خاوی )


لە کۆتایی دا دەنووسێ : ( لە پڕ زیرەک دەفەکەی دانایە عەرز و کۆتایی بە گۆرانیەکە هێنا )(٧*)

ئەگەر ئەمانە کە لە گەڵ زیرەک ژیاون ، بەڵگەی ئەوە دەدەنە دەست کە زیرەک جگە لە ژەنینی (دەف ) هیچ ئامێرێکی تری ٠نەزانیوەو بەکارنەهێناوە !! هە روەها مامۆستای هونەرمەند ( موجتەبای میرزادە ) دەفەرمووێ:( کە مەرحومی ( حەسەن زیرەک ) بوو بۆ یەکەمجار دەفی هێنایە نێو گۆرانی کوردی ) ،( ٧*-١ )

بەڵام ، نووسەری دیارو ناسروای کورد بەڕیزمامۆستا ( محەمەد حەمە باقی ) کە لە کۆتایی شەستەکان لە گەڵ ( هونەرمەند حەسەن زیرەک ) پێکەوە لە زیندان بووین و لە نزیکەوە بینیویەتی و ناسیویەتی وزۆریش باسی ژیان و هونەری زیرەکی کردووەو جوانیشی باسکردووە ،ئەمە ڕێککەوتێکی باش و مێژووییە کە بەڕێزێکی وەک مامۆستا محەمەد حەمە باقی لە گەڵ زیرەک پێکەوە لە بەندیخانە دەبن وئەم پێکەوەییە ئەو مێژووەی زیندانی کردنی زیرەکی زیاتر زیندووکردوە، چۆن زیرەک زۆر جار لە ئێران و لە عێراق گیراوە ، بەڵام ، هیچ کەس وەک مامۆستا ، هێندەی من ئاگادار بم ، ئاوا یادگاری خۆی لە گەڵ زیرەک و بەندیخانە نەگێڕاوەتەوە ؛ ! مامۆستا محەمەد لە چاو پێکەوتنێکی تەڵەفزیۆنی ( کوردسات ) دا کە بە یادی زیرەک تۆمار کراوە ، لە میانی قسەکانی دەفەرمووێ :( حەسەن زیرەک لەگەڵ گرتنەکەیا ، کەهە موو کەس نایزانێ ، حەسەن زیرەک بۆچی بەردەوام ئاهە نگی تازەو گۆرانی تازەو ئاوازی تازەی هە بوو، حەسەن زیرەک عود ژەن بوو ئەیزانی عود بژەنێ ، لەبەر ئەوە عودەکەشی لەگەڵ خۆیا گیرابوو، وەک کەرستەکانی ئەو مرۆڤە ، کە ئەگیرێ لە گەڵیا پێی بوو، )(٨*)

ئەمەی مامۆستا محەمەد حەمە باقی دەیڵێ ، ڕاستیەکە کەس ناتوانی نکۆڵی لێبکات ! چۆن مامۆستا لە گەڵ زیرەک لە چەند شارێکی کوردستان پێکەوە زیندانی بوون !! ئاگاداری

زیرەک بووە لە نێو بەندیخانە . بۆ دڵنیایی زیاتر لە شەوی( ٨ لەسەر ٩ی مانگی ٤ی ٢٠٢٢) پەیوەندیم بە مامۆستاوە کردوولێم پرسی: مامۆستا جەنابت لە بەندیخانە زیرەکت بینی (عود) بژەنێ ؟ لە وەڵام دا ، فەرمووی نە خێر ! چۆن ئیدارەی سجن عودەکەی وەک کەل و پەلی هە موو زیندانیەکان لای خۆی گڵدابووەوە ) هە ر مامۆستا خۆی فەرمووی زیرەک لە مەرج کردنێکدا لە گەڵ برادەرێکی ئەم عودەی دەسکەوتبوو، واتە زیرەک و برادەرێکی لە نێو خۆیان مەرجیان کردووە ، زیرەک گوتبووی : ئەگەر من بردمەوە ئەم عودەم دەوێ ! لە ئەنجام دا زیرک عودەکە دەباتەوە . دیارە کە بە گرتنیش دراوە !؟ عودەکەی پێبووە و بردوەوویەتیە زیندان.(*٩). دەبێ ئەوەش بڵێین ، نەزانینین ژەنینی ئامیرە مۆسیقیەکان بۆ زیرەک نەبووەتە هۆی ئەوەی کە پەکی بکەوێ لە ئاوازدانان ، ئەو نەک ئاواز دانەریش بووە ، ئەو ئاوازی لێ هە ڵرژاوە و ئاوازی زۆرو چاکی داناوە ، ئەگەرچی تەنیا وێنەی لەگەڵ دەف دەکەوێتە بەرچاو و باسی ئەوەش دەکرێ ، تەنیا دەفی زانیوە ،بەڵام ، دەتوانم بڵێم زیرەک ئاوازی بۆ هە موو ئامیرە مۆسیقیەکان داناوە و ئاوازی زۆرو چاکی داناوەو چاکتر لە ئەوانەی کە زانیویانە ئامیر بژەنن ، واتە توانیویەتی گۆرانی لەگەڵ ئۆرکیستراو تیپ و دوو دوو و تاک تاکەی ئامیرە مۆسیقیکان بڵێ ! بڵی و مامۆستا بێت و داهێنانیش بکات .




وێنەی زیرەک لە بەندیخانەی کرماشان

شیکردنەوەیەک : زیرەک کە لە ڕادیۆی کرماشان دەردەکرێ و ئیتر کەمتر گۆرانی گوتن و تۆمارکردنی ڕادیۆو لە گەڵ تیپ و ئۆرکستیرا بۆ ڕیکدەکەوێ ، دیارە بیری کردووتەوە خۆی فێری عود بکات ، بۆیە هە وڵی داوە عودێکی هە بێت، بەڵام ، لە بەختی خۆی و کورد

! به عودەوە دەگیرێ و گێرانێک کە خۆی لە کاسێتی ( ئەبووسەباح) دا باسی دەکات و دەڵێ ( مەخلەس شەش مانگ لە ژێر تەعزیبی سازمانی ئەمنیەتی عێراق ، ئەوەی بەسەریان هێنام ! هێنام ..خوا کردی من لە هیچا نە بووم ؛ خوا هاوار خۆم هاوار )(*١٠) ئەمە لە زیندانی عێراق و هە ر بەم گیراوی و ئازارەوەش عیراق دەیداتەوە دەست ئێران و وەک ( میدیای زەندی )(*١١) و( محەمەدی کەمانگەر(*١٢) و زیرەک خۆشی باسی دەکات ، لە ئێرانیش بە پانکەوەی هە ڵدەواسن و لە عێراق خراپ ترو زیاتر ئازاری دەدەن !! ئیتر ئەم ئازارو بەندیخانەو ژیانە حەواسی ئەوەی بۆ ناهێڵن زیرەک بەدوای عودەکەیەوە دابچێ و خۆی فێری عود بکات ، لەوە ناچێ پاش دەسکەوتنی عودەکەش فرسەتی ئەوەی بۆ هە ڵکەوتبێ ڕاهێنان بکات و فێری عود ژەنین بووبێ !! دەنا زیرەک پیاوێکی زیرەک و بە زەین بووە ، هە ر کارێکی کردبێ ، هە تا ئەگەر بە ناچاری و لە برسانیش کردبێتی ، جوان و سەرکەو توانە کردوویەتی ! دیارە کە لە عێراق و بەندیخانەوە دەیدەنەوە ئێران و لە وێش دەیخەنە بە ندیخانەوە ، لەم وڵات گۆڕین و بەندیخانە گۆڕینە ، ناکرێ عودەکەی بۆ دەرباز بووبێ !؟ کە دەیەوێ لە ( کانی مەلا ئەحمەد) چایخانەیەک بۆ کارو کاسبی چیبکات ، کانی مەلا ئەحمەد جێگای کەرو گاگەل بووە ، پیس و پۆخڵ ، میرزا کەریم خۆشناو دەنووسێ :( ... سەیرم کرد ئەو چایخانە پیس وپۆخڵە بە وناشیرینە ،بووە بە گازینۆیەکی خۆش و پاک و خاوێن وسپی کاری و چیمەنتوکراو، هە ر حەز ئەکەی لێی دابنیشی (...) ئەم هە موو گۆڕینە جوان جوانە بەم پەڵە پەڵە ، لێهاتوویی زیرەکی دەرئەخست ، ئەوەندەی تر زیرەکم لا خۆشەویست بوو بوو)(*٧) دەنا ئەگەر زیرەک ماوەیەکی کەم خەریکی فێربوونی عود بوایە ، بێشک بەباشی فێر دەبوو، دیارە دواتریش کە لە زیندانی عێراق و ئێران بەردەبێت جارێکی تر فرسەتی فێربوونی عودی بۆ هە ڵناکەوێ ، هە ر ئەو فرسەت بۆ هە ڵنەکەوتنە هی ئەوەیە کە زیرەک فێری عود نەبێ و نەتوانێ لە گۆرانی گوتن دا بە کاری بێنێ و لە وینەکان بە عودەوە دەرکەویت ؛ دەنا ئەوەی مامۆستا محەمەد حەمەباقی باسی دەکات ، ڕاستە .. بەڵام ، بەداخەوە ئەو ڕاستیەو ئەم ئارەزووەی زیرەک ، بەندیخانەکانی ئێران و عێراق و ئازادانە بێ سنوورەکاننی ڵێنەگەڕان ئەو ڕاستیە بەردەوام بێ و ئەم ئارەزووە ، بێتە دی !!

**

## گۆرانییەکانی زیرەک لەگەڵ ئامێرە مۆسیقیەکان :-

هونەرمەند حەسەن زیرەک ، تایبەتمەندیەکی تری هە یە کە لە هیچ یەک لە هونەرمەندو گۆرانیبێژەکانی تر دانیە، نەک لە نێو کورد ..بەڵکو لە هە موو جیهان ! ئەویش تۆمارکردنی گۆرانیەکانیەتی لە گەڵ ئۆرکیستراو تیپ و مۆسیقژەنە جۆراو جۆرەکان ! زیرک بە هۆی

ژیانی پڕ دەردەسەری و دربەدەری و بە تایبەتی خۆی لە ئێراق و لە ئێران .. لە وڵاتێک و لە شارێک و لە کارێک دا جێگیر نەبووە و بەردەوام پێیەکی لە هە ڵاتن دابووە ، ئەم ژیانە نەیهێشتووە لە گەڵ ئۆرکیستراو تیپ و هونەرمەندە مۆسیقیەکان بمێنتەوەو بتوانێ گۆرانییەکانی هە ردەم لە گەڵ مۆسیقا تۆمار بکات ، چۆن خۆشی زیرەک هونەرمەندی بەردەوام گۆرانی گوتن بووە و ئاوازو شێعری لێ هە ڵرژاوە ، بەو توانایە هونەری و شێعرییەی کە هە یبووە ، هە ردەم گۆرانی تازەی هە بووەو بە دوای شوێنێک دا گەڕاوە کە تۆماریان بکات ، لە بارەی توانای زۆرو هونەری دەستەوڕستی زیرەک زۆر کەس باسی ئەم توانایە ئەفسانەییەی زیرەکیان کردووە ، هونەرمەندی گەورەی کورد و دۆستی گیانی بە گیانی زیرەک ، موجتەبای میرزادە دەفەرمووێ : ( زۆر جار پرۆڤەی گۆرانییەکی زیرەکمان دەکرد ؛ کە چی کە دەچووینە ستۆدتۆ بۆ تۆمارکردن ، زیرەک گۆرانییەکی تری بە شیعرو ئاوزەوە ئامادە بوو ، داوای دەکرد ئەو تازەیە تۆمار بکەین ! کە دەمانگوت : چۆن دەبێت ئێمە پرۆڤەی گۆرانییەکی ترمان کردووە ؟ کەچی دەیگوت : ئەو زانراوە ، ئەمە ئێستا لە سەر زارو نیو گەرووەمدایە ؟ بە ناچاری گۆرانییە تازەکەمان تۆمار دەکردو زۆر جوانیش دەردەچوو!)(*١٣) مامۆستا هە ژاری موکریانی شاعیرو نووسەری گەورەی کورد دەفەرمووێ: (سەرەتای پەنجاکان دوکانی وێنەگریم هە بوو لە بەغدا ، زۆر جار زیرەک دەهات و داوای لێدەکردم شێعری گۆرانییەکانی بۆ بنووسمەوە، دەفتەرێکی گەورەم بە تایبەت بۆ گۆرانییەکانی زیرەک کڕی بوو، هە رجارەی دەهات چەبدین گۆرانی دەگوت و منیش دەمنووسینەوە ، جاری واهە بوو دەپازدە گۆرانی بە شێعرو ئاوازەو ئامەدە بوون و من شێعرەکانیم بۆ دەنووسیەوە )(*١٤) ئەم توانە بێسنووریەی ئاوازو شێعریی هونەرمەند حەسەن زیرەک کە هە موو لایەک باسی دەکەن ، هە ر بەڕاستیی توانایەکی ئەفسانەییە !! هە ر ئەوە شە وای کردووە زیرەک بەردەوام پێویستی بە گۆرانی گوتن و تۆمارکردن هە بێت ! لە گوتن دابێت و گوتنی داهێنەرانە !! هە ر ئەوەشە هۆی ئەوەی کە زیرەک ژمارەی گۆرانییەکانی هێندە زۆر بێت لە جیهان وێنەی نەبێ !

لە تۆمارکردنی ئەم هە موو گۆرانیی و ئاهە نگانە دا زیرەک هێندەی تیپگۆڕی و ئامێرگۆڕی کردووە ؛ کە زەحمەت بتوانرێ تیپ و مۆسیقارەکان هە موویان بەسەر بکرێنەوە ! ئەوە جگە لەوەی کە زۆر جاریش تیپ و مۆسیقاری دەست نە کەوتووەو بەتەنیا چریکاندوویەتی و قاسپاندوویەتی ولەو بێ تیپ و مۆسیقاییەش داهێنانی گەورەی تێدا کردوون ، هە ر بۆ نموونە : کاسێتی ماڵی بەڕێز ( شێخ لەتیف بەرزنجی)(*١٥) لە هە ولێرو گۆرانییەکانی سەرە مەرگ ( وامن نەخوشم ، کوێستانان خاڵ خاڵ ،)(*١٦) لە بۆکان و مەهاباد ، زۆری تر کە هیچ ئامێرێکی مۆسیقی لە گەڵ دانیەو بەبێ مۆسیقا توحفەی

تۆمارکردووەو ڕیکۆردی داهێنانی شکاندووە ؛ ڕیکۆردشکاندنێک ..کە کەرەستەی داهێنانی دەیان لێکۆڵینەوەی هونەری و ئەدەبی و دەروونین !!

ئەو گۆرانیانەش کە زیرەک لە گەڵ مۆسیقا تۆماری کردوون ، دەتوانین ناوی جۆرەکانیان بەرین ، چۆن ئێمە گوێمان لە تەواوی گۆرانییەکانی زیرەک نە بووە ، هە رگیز ناتوانین ئاماری دروست بەدەست بێنین ، بەڵام ، ئەوەی هە یە هێما کردنێکە بۆ جۆراوجۆری مۆسیقاکانی گۆرانییەکانی هونەرمەند حەسەن زیرەک .

سەردەمی ڕادیۆی بەغدا ، ئەوا گۆرانیەکانی لەگەڵ تیپی مۆسیقی ڕادیۆی عێراق تۆماری کردوون و کە زۆر بەی ئەندامەکانیان عەرەب بوون ، بەداخەوە ژمارەی ئەندامانی تیپە کە من نایزانم ! هە روەها لە سلێمانی لە گەڵ ( تیپی مەولەوی ) و لە تاران لەگەڵ ( تیپی ئۆرکیسترا) ڕادیۆی تاران لە گەڵ تیپی مۆسیقی ئازەر گۆرانیەکانی تۆمارکراون ، لیرەش ژمارەی ئەندامانی ئۆرکیستراکان دیار نین !

میدیای زەندی باسی ئەوە دەکات کە زیرەک لە کرماشان کۆڕێکی مۆسیقا- تیپی مۆسیقا – ی تایبەت بە خۆی پێک هێنابوو ، دەنووسێ :( لە ساڵەکانی (٤١تا٤٣ی هە تاوی) ، حەسەن زیرەک کۆڕێکی مۆسیقای بۆ خۆی پێکهێنا بووکە بەڕاستی پەنجەیان شیرین بوو ، لەوکاتانەدا حەسەن ژیانی ئیداری کەوتبووە سەرەو لێژی ، چونکە دەوڵەت پارەکەی نەئەدا ، لەبەر ئەوەی سەرۆکی بەرنامەی کوردی ،( شوکروڵلای بابان ) گوتبووی ، ئێمە نزیکەی( ١٥٠٠ گۆرانی) مان بەدەنگی حەسەن زیرەک هە یە ، ئیتر ئەومان ناوێ؟!؟ .)(*٤)

جگە لەوەی کە زیرەک گۆرانیەکانی لە گەڵ تیپ و ئۆرکیسترای جۆراو جۆر تۆمارکردووە لە عێراق و لە ئێران ، زۆر گۆرانیشی لە زۆر شوێنی جیا جیای عێراق و ئێران لەگەڵ سێ ئامێرو دوو ئامێرو یەک ئامێریش تۆمارکردووە ، کە بەسەرکردنەوەی هە موو ئەمانەش کارێکی ئاسان نیە ! ئەو ئامێرانەش کە من خۆم بیستوومن ، دەتوانم ناوی عودو دەف وتەپڵ و تەمبوورو سازو نەی و شمشاڵ و دوزەلەو زوڕناو دەهۆڵ ..بهێنم !! بۆ نموونە هونەرمەند حەسەن زیرەک لە گەڵ هونەرمەند ( محەمەد عارف جزیری ) پێکەوە گۆرانی ( کیژان دەچنە مێرگوڵان ) یان تۆمارکردووەو محەمەد عارف عود دەژەنێ و مامۆستا گیژان دەچنە میرگوڵان دەچڕێ ، بەڵام چ چڕین و چ عود ژەنینێک !!؟ کە ئەم دوو هونەرمەندە لوتکەیە لە کارێکی هونەری گۆرانی گوتن دا یەکیان گرتووتەوە ، چ یەکتر گرتنەوەیەک ...پڕاو پڕ لە داهێنان .

## مێژووی دەف لە کوردستان :-

وەک دەرکەوت زیرەک تەنیا (دەف) ی ژەنیوە ، کە ژەنیویەتی زۆر جوانیشی ژەنیوە ، دەفیش لە کوردستان دۆستانێکی زۆری هە ن و پیرۆزییەکی مەزنیشی هە یەو تیپ و گروپی گەورەو دەفژەنی ژن و پیاوی چاکی زۆرە ، بۆیە واچاکە لە ڕووی مێژوویەوە باسێک لەدەف بکەین .

بەڕێز( هۆشەنگ جاوید ) وەک لێکۆڵەرێکی مۆسیقای کوردو ئێران و خاوەن بەرهە م ، لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ (سایتی - کرد پرس ) لە باسێکی کورتی مێژوویی مۆسیقا و کۆنی ئامێرە مۆسیقیەکان لە کوردستان دەڵێ : (کوردستان – پایتەختی دەفە لە جیهان – و مامۆستا حەسەن زیرەکیس بە شوالیەی مۆسیقای کوردی ناودەبات )(*٣)

هە ر ئەو لێکۆڵەرە ( هۆشەنگ جاوید ) لێکۆڵەری مێژووی مۆسیقا دەڵێ:٠( لە لایەکی ترەوەو ، مێژووی دەف بە گەڕانەوە بۆ بەردە نووس و – وێنە بەردینییەکان – ی (کول فرە ) لە ناوچەی ( مال امیر- ماڵە میر ) لە ( ایزە – ئیزە ) لە دوا پایگا ی کورد نشینی ئێرانی کۆن دەبینم !، ژنانی دەفژەن خەریکی خۆدەرخستنن، بە ڕاستی دەتوانین کوردستان ( ناوجە کوردنشینەکان بە پایتەختی دەفی هە موو جیهان بزانین )(*٣) بە شێوەیەکی گشتی ئامیری هە وایی و کوتین کە کوردەکان بە کاریان هێناون ، مێژوویێکی یەکجار کۆنیان هە یە، بە کارهێنانی تەنبوورو نەی و دەف بۆ ئەو ڕۆژگارانە دەگەڕێتەوە ، دەتوانین بڵێین .. کۆنترین بەشی مۆسیقای ئێران ، بە پشتگیری بەردە نووسەکان و وێنە بەردینەکان و یان نامە نووسینەکان بۆ بەشی ڕۆژئاوای ئێران و تەواوی ناوچە ی کوردنسین و لوڕنشین دەگەڕێتەوە .)(*٣) لە زۆر لە وێنە بەردینەکانی شارستانییەتە جیاجیانی کۆنی کوردستان ، وێنەی دەفژەن دەبینین ، کە لە ئاهە نگەکان دا هاوبەشیان کردووە .


(وێنەی ژمارە )

## ئامێرە مۆسیقیەکانی زیرەک لە (هونەر و مۆسیقا ) دا باسی کردوون :-

مۆسیقا بە مانا تایبەتیەکەی بەشێکە لە هونەر ، هونەر بە مانا گشتییەکەی ، لە پێناسەی مۆسیقادا گوتراوە :( مۆسیقا هونەری ڕیکخستنی دەنگەکانە، لە کاتە کورتەکان ، بە هۆی ڕەگەزەکانی ئاوازو گونجاندنی ئیقاع و جەڕە س)(*١٧) ، لە پێناسەیەکی تر هاووە :( مۆسیقا یەکیکە لە هونەرەکانی دەنگ ، کە تێکەڵە لە گۆرانی و ژەنینی ئامێرە مۆسیقیەکان ، بەشێوەیەک بگونجێ لە گەڵ ئاوازو ئیقاعە دیاری کراوەکە.)(*١٧) لەم شێعرە دا زیرەک

هونەرو مۆسیقای پێکەوە ناوبردووە، لە ڕاستیشدا هە ر پێکەوەن ، بەڵام، زۆر بە دیاری کراوی زیرەک ئامێرژمێریەکی کردووەو ناوی هێناون و باسی شێوەو دەنگ و ئاوازەکانی کردوون ، ئەمەش پێمان دەڵێ : زیرەک تەنیا ناوی ئامێرەکانی نەبردووە، زانیاری لەسەر جۆری دەنگ و ئاوازەکانی هە ر یەک لەو ئامێرانە هە بووەو ئەو ئاوازانەی بە هۆی خۆشی ژیان زانیوەو بە پێکەوە هە مووانی بە مۆسیقای ( خۆشی ڕوحی بەشەری ) زانیوەو پێی وابووە کە ( لادەبەن غەم وەدە بەن دڵتەنگی ) کە زەمانێ ( ئینسان ئەخاتە عالەمی مەستی ) و خەڵک ( دەتخاتە شایی و هە راو هە ڵهەڵە ) و ئەمانە هە رکام بەسۆزو سازێ ، بۆت دەکەن بەدڵ ڕازو نیازێ ، مۆسیقای کوردی ئەڕازێننەوە ، ڕیشەی دڵ بە جۆش دەلەرێننەوە .

فەرموون ..ئەمەش شیعرە جوان و پڕ لە زانیاریە گرنگەکەی ئامێرە مۆسیقیەکان ، کە لێرە زیرەک ( ئەدەب – شیعر ) و( زانستی ئامێرناسیی ) و (هونەری ژەنین) و ( خۆشی دەنگەکان ) ی باسکردووە .



هونەرو مۆسیقا

(مۆ سیقا) خۆشی ڕوحی  بەشەری

ساحێبی دەست و پەنجەی گەوهە ری

**

(ئۆرکێسترا) مردم  لە سەر قەبرەکەم

بێت دەنگی (نەوا) ت بۆ هونەرەکەم

**

مۆسیقا  شەرتە هاوڕازم  تۆ بی

پاشی مردنیش دەمسازم   تۆبی

**

مۆسیقا هە ر تۆی ڕوح و گیانی من

مۆسیقا  خۆشیی  بۆ ژیانی من

**

مۆسیقاو بەستەو نەغمەو گۆرانی

مردوو بانگ دەکا لە  قەبرستانی

**

لا دەبەن غام و دەبەن دڵ تەنگی

هە رکەس بە نەوعێ دەبیستێ دەنگی

**

ئەما داد لە دەس دەنگی (گزنفۆن)

بە شیددەت دەدا جوابێ بە (باسۆن)

**

ئەوەڵ(ویرافۆن) دووهە میش (ئۆرگ)

پیاو نەجات دەدا لە غەم و لە مەرگ

**

ئەوەلیان(سنج)ە دووهە میان (بانجۆ)

پیاو ڕزگار دەکەن لە شین و ڕۆ ڕۆ

**

(هارمۆنیک) وەختێ ئەگریتە دەستی

ئینسان ئەخاتە عالەمی مەستی

**

زەمانێ گەردێ سەدای (ساکسیفۆن)

لەدەنگی دەپسێ پەردەی ( میکرۆفۆن)

**

نەوای( قەرەنە)ی بانگ دەکا ( تەنبوور)

پەردەی گوێ دەدڕێ لە نزیک و دوور

**

( تەنبوور)نەجیبە، سەدای زۆر گەرمە

دەنگی مەحزوونە ، پەردەی لە بەرمە

**

(دووتار) و (گیتار) شاگردی (سێ تار)

دەنگیان هێند خۆشە لە دڵ دەبەن بار

**

ئافەرین (سەنتور ) دەنگت چەن خۆشە

ساحێب هونەران ، دەکەی بێ هۆشە

**

دەنگی (ماندۆلین) ، گرمەی (ترومپێت)

دەتخاتە خەیاڵ سواری ئەسپی کوێت

**

وەختێ دەبیسترێ دەنگی (گرنترباس)

دەنگی لیوە دێ ، بە هە زار تەماس

**

دەنگی (دەمبەک ) و سەدای (دووزەڵە )

دەتخاتە شایی و هە راو هە ڵهەڵە

**

دەنگی ( دەف ) چاکە بۆ درویێشەکان

بۆ سۆفی و مرید ، بۆ قوڕکێشەکان

**

( دەهۆل ) و ( زورنا ) خۆشە سەحەری

سەر لە سەر سەرین ، بتکا خەبەری

**

یا لە بۆ سوارەو لە بۆ شەڕەکەڵ

ئینسانی بە زەوق دەاتە گونگەڵ

**

لە خەو هە ڵدەستن یاران خەرامان

دەچنە هە ڵپەڕکێ بە هە ڵهەڵەو داوان

**

ئەمما ( کە مانچە) دەکا فیکە فیک

دڵی جوان و پیر دێتە جیکە جیک

**

ئەمما داد لەدەس دەنگی ( باڵەبان )

شوان دێنێتە ڕەقس ، لەدەشت و لە بان

**

( شمشاڵ ) تایبەتی دەستی شووانە

مۆسیقای کوردان ، نەغمەی کوێستانە

**

سەدای ( فلووت ) دێ ، چەندە بە لەنگی

بانگ دەکا برام ! ( دایەرەی زەنگی )(١)

**

( زەرب ) و( دایەرە) گەر دینە سامان

بە بێ ئیختیار دەمکەن سەر گەردان

**

(چەنگ ) موسیقایی هی چەند سەدە پێش

وەختێ لێ دەدرێ ، دڵ دەکاتە کێش

**

ئەمما داد لەدەس ( جازی ) فەڕەنگی

گەر هونەرمەندێ دەیگرێتە چەنگی

**

( ویلۆن سڵ) دەدا سەدای دڵ تەنگی

بڕوانە سیمی ، ببیستە دەنگی

**

( پیانوو ) شای هونەرو مۆسیقە دارە

خۆشتر لە کول شت ، (ویلۆن ) و ( تارە)

**

( عود ) گەر بانگ دەکا ، دەڵی هۆی ( قانوون)

سیمی دەلەرزێ ، دڵ دەکا زەبوون

**

( ئۆکۆردۆئۆن ) سەدای لە چەندین نەزمە

( جونبش ) کاسەی زیو چەند زمی جەزمە

**

ئەمانە هە ر کام بە سۆزو سازێ

بۆت دەکەن بە دڵ سۆزو نیازێ

**

مۆسیقای کوردی ئەڕازێننەوە

ڕیشەی دڵ بە جۆش دەلەرزێننەوە(*٤)

لە کۆتایی دا هیوادارم هونەرمەندێکی پسپۆر لە مۆسیقاو ئامێرناس بەوردی ئەم ئامیرانەوە وەسفەکانی زیرەک بەسەربکاتەوەو بزانێ کە زیرەک تاچەند لە اسکردنی ئامێرە مۆسیقیەکان سەرکەوتووە ؟

**

## ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە سودیان لێبینراوە :-

(*١) حسێن سۆران ، حەسەن زیرەک ... لە کۆچەرێکی نۆستالیژیەوە بۆ نەقاشێکی ئیرۆتیکی ، چاپی تاران ، چاپی یەکەم ٢٠٢١

(*٢)ڕۆڵی حەسەن زیرەک ...لەمۆزیکی کوردییدا، ئەمادەکردنی ؛ زۆزک ئەحمەد قەرەداغیی،زاهیر محەمەد عەزیز، بە سەرپەرشتی:ع.ج.سەگرمە ، چاپخانەی شڤان سلێمانی، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ سلێمانی.

(*٢-١) چاوپێکەوتنێکی ڕادیۆی تاران لەگەڵ (میدیای زەندی ) لەواڵی( سەید حەکیم بەرزنجی ) یەوە.

(*٣)موسيقى كُردى بر موسيقى جهانى تاثير گذاشته است / حسن زيرک شواليه موسيقى كُردى است ،**بخش-استان-ها-91912/10-موسيقى-كردى-بر-موسيقى-جهانى-تاثير-گذاشته-است-حسن-زيرک-شواليه-موسيقى-ردى-است**

لێرە چاوپێکەوتنێک لە گەڵ هونەرمەندی لێکۆڵەر (هۆشەنگ جاوید ) کراوە ، ئەو هونەرمەندە لێکۆڵەرە چەندین کتێبی هە یە لە بارەی مێژووی مۆسیقای ئێران و کورد ، بەچاکی دەزانم برایانی هونەرمەند بەدوای لێکۆڵینەوەکانی دابچن .

(*٤) حەسەن زیرەک ، چریکەی کوردستان ، بە کوشش و گرداوردەی؛ میدیازندی ، سازمان انتشارات بورەکەیی ، نوبی چاپ،٢٦٩٨(ماد)،١٣٧٦

خورشیدی – چاپ نخست.

(*٥) کۆمەڵەی کلتوری – بۆکان ،ئیران

(*٦) ڕابیعە خانم – خێزانی زیرەک ،چاوپێکەوتنی تەلە فزیۆنی.؟

(*٧) حەسەن زیرەک هە ندێک لە بەسەرهاتەکانی ، بەشی دووەم ، طبع/ مطبعة دار القادسية / بغداد – الاعظمية – سنة ١٩٦٩

(*٧-١) ئەم هە واڵەم لە برای هونەرمەندی بەڕێز( مامۆستا بەها قەرەداخی) بیستووە ، من خۆم ئەم سەرچاوەم نە بینیوە .

(*٨) محەمەد حەمە باقی ، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی کوردسات ؟

(*٩) پەیوەندی تەلەفۆنی لە گەڵ بەڕێز مامۆستا محەمەد حەمە باقی ، شەوی ٢٠٢٢/٩٤/٨- هە ولێر

(*١٠) قسەکردنی هونەرمەند حەسەن زیرەک . لە کاسێتی ناسراو بە ئەبووسەباح ، بۆکان- ١٩٦٨

(*١١) میدیای زەندی ، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی ؟

(*١٢) محەمەدی کەمانگەر ، چاوپێکەوتنت تەلەفزیۆنی ؟

(*١٣) موجتەبای میرزادە ، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی ؟

(*١٤) هەژار موکریانی ، سیدی دەنگی . ئامادەکردنی ؛ محەمەد ڕەمەزانی ، تاران ، ساڵی ؟

(*١٥) حەسەن زیرەک گۆرانی تۆمارکراوی ماڵی شێخ لەتیف بەرزنجی ، هە ولیر . ساڵی ؟

(*١٦) حەسەن زیرەک ، سیدی پێش مەرگی ، بۆکان- مەهاباد .ساڵی ١٩٧٢

**(*١٧) ماهی الموسیقی https://mawdoo3.com(*١٧) ماهی الموسیقی**